دەستار

زانا برایم

لەهەولێر بەبێ پرسی ئاسایش نابێ ژن بهێنی!

ئەگەر یەکێك بیەوێت لە هەولێر ژن بهێنێت، ئەوا دەبێت پێش ئەوەی ئاهەنگەکە ساز بکات، لەهۆڵی یەکێك لەیانە خێزانیەکان، ئەبێ پرس بەدەزگاکانی ئاسایش بکات، ئەو پرسکردنە بەووتەی دەزگاکانی ئاسایش بۆ مەیسەر کردنی ئارامی ئاهەنگەکەیە، لەکاتێکدا کە نیمچە تەحقیقێك لەگەڵ زاوادا دەکرێت، خۆ ئەگەر ئاهەنگەکە لەیەکێك لەیانەکاندا ساز نەکرێت، ئەوا هەر یەکەم شەو هەڵدەکوتنە سەر ئەو ئوتێلەی کە بوك و زاوای تێدایە، نمونەش بەو ئاهەنگە دەهێنمەوە کەلەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو کاکی زاوا لەماڵی خۆی کردی، بۆ ئەوەی کێشە درووست نەبێت لەلایەن ئاسایشەوە، داوی ئاهەنگەکە کاکی زاوا بەدڵ خۆشیەوە ڕوودەکاتە یەکێك لە ئوتێلەکانی شاری هەولێر، تا جوانترین و کریستالیترین ڕۆژەکانی تەمەن لەگەڵ بوکە خاندا بباتەسەر، بەلام لەپڕ لەکاتژمێر (١٠)ی شەودا، مەفرەزەیەکی ئاسایش هەڵدەکوتنە سەر ئەو ئوتێلەو خەیاڵی شوشەیی وناسکی زاوا ووردوخاش دەکەن و پێی دەڵێن(عقد زواج)ەکەت تەزویرە، کاکی زاواش شپرزە دەبێت و تووشی دڵەڕاوکێ دەبێ دواتر مەفرەزە چەکدارەکەی ئاسایش بەزاوا دەڵێن کە دەبێ بەم شەوە یەکێك لەبرا، یان باوکی کچەکە بانگ بکەیت بۆئەوەی باوەڕت پێ بکەین، ئەویش لەهەولێکی زۆر بەتەلەفۆن و دوای ماوەیەك برای بوکە خان بەدەر دەکەوێت و دەڵێ :بەڵی ئەوە خوشکی منە ئینجا بیانوی مەفرەزەکانی ئاسایش نامێنێت و واز لەبووك و زاوا دەهێنن بەلام بووك و زاوا ئەو شەوەیان لێ تال دەبێت و بەچیچکانەوە دادەنیشن تا ڕۆژهەڵدێت تاکسیەکی(فول تەبرید) دەهێنێت و تا(سلێمانی)ڕاناوەستێ..بۆئەوەی لەوێ بەهەموو ئارامیەکەوە یەکەم شەو دووبارە بکاتەوە، هەربۆیە لەسلێمانی دەچێتە ئوتێلێکەوە و هەر داوای عەقدی زەواجیشی لێ ناکەن..

جا لێرە چەمکەکانی دەزگای ئاسایش تێکدەچێت و لەجیاتی ئەوەی ئاسایش بۆ هاوڵاتیان دابین کەن ئەوان خۆش بەختی و کامەرانی و ئارامییەکانی هاوڵاتیان تێکدەدەن..

تۆ بڵێی ئەوە چ ڕاوێژکارێکی ئاسایشی زیرەك ئەم پێشنیازە دوور لەعورف و شارستانیەتەی خستبێتە ناو لیستی بڕیارەکانی ئاسایشەوە...؟!

زانکۆی (ئۆکسفۆرد)ت پیرۆزبێت

خاتوو(تریسکە عەبدولەجید عەبدولحەمید) تەمەن ١٩ساڵان کچە خوێندکارێکی کوردەو بەم دوایانە لەزانکۆی ئۆکسفۆردی وولاتی بەریتانیا وەرگیراوە هەروەکو ماڵپەڕی(کوردستان نێت)باڵاوی کردۆتەوە تریسکە خان لەدایکبووی ١٩٨٦ ی شاری هەولێرە و لەساڵی ١٩٩٣ بەهۆی درندەیی ڕژێمی بەعس لەگەڵ خێزانەکەیدا گەیشتۆتە بەریتانیا وهەموو قۆناغەکانی بەپلەی بەرز بڕیوەبە دواییانە بە هۆی زیرەکی و لێهاتووی خۆیەوە لەبەشی (دیراساتی ڕۆژهەلاتناسی)ئەو زانکۆیە وەرگیراوە.

جێی باسە زانکۆی ناوبراو یەکێکە لەباشترین زانکۆکانی بەریتانیا کە دەیان سەرکردەو سیاسەتمەداری دونیا وەك (بێل کلینتۆن، تۆنی بلێر، چەرچەل وبێنازیر بۆتۆ، جەواهیر لال نەهرۆ، شاحسێن)بڕوانامەیان تێدا وەرگرتووە.

بە گەرمی پیرۆزبایی لە تریسکە خان و خانەوادەکەی و گەلی کورد دەکەین..

(ئەمڕۆ)

خەوو

چوومە باوەشی
شەوی بێ دەنگ و ترسناك
گەیشتمە دەریا
دەریای پڕ لەترسناکی شەو...
لەبێدەنگیمدا
ئەژدیهای دڵەڕاوکێ هاتە بیناییم
لەنێوان دەریاو ئەژدیها
نەمزان... نهێنی شەو
بەگوێی کامیان بچڕپێنم

پایزە ئەحمەد

بروسکەیەك
بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە (سلێمانی)

گوندی (جۆمەرخی) کە کەوتۆتە بناری سورێن، ماوەی چەند ڕۆژێکە پرۆسەی خوێندنی لێ وەستاوە ئەویش بەهۆی ئەوەی لە ڕۆژی (٢٦) ی ئەم مانگەمامۆستاکەیان (عەبدولڕەحمان) بە هۆی ڕووداوێکەوە قاچی شکاوەو ناتوانێ بچێتە ئەو گوندەو، خوێندکارانی ئەم گوندەش لە چاوەڕوانی چاکبوونەوەی مامۆستاکەیانن...

بۆیە دەکرێ بەڕێزتان چارەسەرێکی ئەم گرفتە بکەن ، چونکە ناکرێ چاوەڕوانی مندالانی ئەم گوندە تا چاکبوونەوەی مامۆستاکەیان درێژە بکێشێ و لە خوێندن بێبەش بن..هەروەها ناشکرێ چیتر ئەو منداڵانە بەهۆی نەبوونی (بینا)ی قوتابخانەکەیان ، لە (حەمامی ژنان)ی ئەم گوندە دەرس بخوێنن کە پێشتر ڕێکخراوێك بۆی دروستکردوون. تکایە چارەسەرێك....

لەگەڵ ڕێزدا

پەیامنێری (شارەزوور)

(تاقیگەی هونەر هونەر)و سیمینارێك بۆ(فریدلیم مینکس)

(تاقیگەی هونەر هونەر).. کە بازنەیەکی هونەریەو کۆمەڵێك هونەرمەندی جیدی لەدەور کۆبۆتەوە ،نیازیان وایە گرنگی بدەن بە ڕەخنەی تۆکمەو دیدگای دیکیۆمێنتی تێڕوانین ئاستە باڵاکان، لەیەکەم چالاکی خۆیاندا سیمینارێکی چوار ڕۆژیان بۆ پرۆفیسۆر(فریدلیم مینکس) لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی (سلێمانی) لەڕۆژانی ٢٥-٢٠٠٤/٩/٢٨ ساز کرد لەسیمینارەکاندا کە هەدوو ڕۆژ بۆیەك بابەت تەرخان کرابوو،پرۆفیسۆری ڕەخنەگر باسی لە(فرانسیس بیکۆن)و ڕەگەکانی لەنێو هونەری سۆریالیزم و پیکاسۆدا، هەروەها بابەتی دووەم (جۆزیف بیوس) (هونەرێك بەدەر لە جوڵە) پێشکەشی ئامادەبووان کرد، شایانی باسە ئەم دیدارە هونەریە ڕەخنە ئامێزە، کۆمەڵێ هونەرمەندی شێوەکاری شاری سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان بەشداریان تێدا کردو بەپێشنیازو بیروڕاکانیان بابەتەکانی تۆکمەتر کرد.

شایانی باسە پرۆفیسۆری ناوبراو لەساڵی ١٩٤٠لەئەڵمانیا لەدایك بووە و خوێندنی لەبواری ئایین و ڕامیاری و فەلسەفە خوێندوەو تا ئێستا چەندین کتێبی ڕەخنەی دەربارەی هونەری شێوەکاری



هەیەو یەکێکە لە ڕەخنەگرە سەنگینەکان لەسەر ئاستی جیهان.

ڕێزو مێزی...

کەریمۆك

کەلەپشتی مێزەکەت دادەنیشی، هەر لەخۆوە سامێکیترت هەیە، حورمەتت زیاترەو مەرحەبات خۆشترە، کەسێ کەبەلاتدا تێدەپەڕێ حەزدەکات پێت بڵێ بەیانی باش، ئاخر دەشێ لەسەر ئەو مێزە موکافەئەیەکی چەوری بۆ بنووسی!

لەبیرتە ساڵی پار تڕۆ کرابووی، کەس رووی نەدەدایێو خولقی نەدەکردی، فەرمووی سەر مێزو دەعوەتی چایەکی نەدەکردی. کەواتە تۆ نانی مێزەکەت دەخۆی، ئەو لوتفو ئیحترامە هی خۆت نییە هی مێزەکەتە، بۆیە هەتا دەمری مەمنوونی ئەوکەسەبە کەلای پیاوە گەورەکە شەفاعەتێکی بۆ کردیو دای مەزراندی.

ئێستا تێگەشتی مێز سیحری مانەوەی وجودی تۆیە، پشتو پەنایە، عێڵو عەشیرت، هێزەو توانایە، گەورەییە!! بەڵێ تۆ بەو مێزەوە ماوی، بەو مێزەوە پیاوی، بەو مێزەوە هەناوی!

لەیادتە گوتت ئەوەی فێری پشت مێزبێت زەحمەتە بتوانێ وازی لێ بێنێ، وەك تلیاك وایە سەد موجازەفەی لەسەر دەکەی، ماستاوو مەرایی، ڕەشوەو بەرتیلو دەعوەتی شەوانەی بۆ دەکەی. ئەدی ئەو ڕۆژەت لەبیرە کەواتزانی کەس دیار نییەو پڕ بەدەم مێزەکەی بەردەمت ماچ کردو لەدڵی خۆتدا گوتت بەقوربانت بم بەقەد پاسێکی خەتی رزگاری پەیا دەکەی، کەلەپڕ فەڕاشەکەت ئەمەی بینی، خۆت تێك نەداو بەسەری لووتەوە پێت گوت: باجی دەبێت هەموومان ئەو مێزە ماچ بکەین، چونکە ئەوە مێزی خزمەتگوزاریە! ئاخر هاوپیشەیەکت فێری کردبووی دەبێت لەمەودوا وەسفو پێناسەی سەیرو سەمەرە بۆ مێز بیدۆزیەوە.

هەنووکە تۆ تەواو قەپاتی، ساحێبی قەسری چەند قاتی، سەیارەی های مۆدیل، خاوەن مێژوو خەباتی. نە گەردەلولی پاکسازی نەقسەو دروشی چاکسازی، هیچیان بەلات گوزەر ناکا، چونکە پیاوێکی خاسی. خەڵك ڕێزت دەگرێو تەنانەت لێشت دەترسن، نەکا خوابکا دڵت گەردبیگرێو نانڕاویان کەی.

Kerimokk@yahoo.com

KOMA
Kurdistan Organization for Mine Awareness

به دەستکاری کردنی نیشانەکانی ناو کێڵگەی مین:

* گیانی خۆت دەخەیتە مەترسییەوە.
*گیانی مین هەڵگرەوەکان دەخەیتە مەترسییەوە.
* دەست لە شتێك مەدە کە نەیزانی چییە با هەرچەند جوان و سەرەنج ڕاکێش بێت.
*ئەگەر لەهەر شوێنێك مینێك هەبوو، ئەوا بزانە کە مینی تریش لە دەوروبەری هەیە.

Kurdistan Organization For Mine Awareness
ڕێکخراوی کوردستان بۆ هۆشیارکردنەوە لە مین /سلێمانی